جەبار یاوەر: عێراق گومانی هەیە کە هاووەاتی ئێرانی و سوری و تورکی لێنێو هەزە ئەمنییەکانی هەرەمدا هەبن

ئەمینداری پەشووی وەزارەتی پەشمەرگەی حکومەتی هەرەمی کوردستان رایگەیاند، حکومەتی عێراق دەیەوێت لە ڕێگەی پێنجەمرەوە ژمارە و ناسنامەی کارمەندە ئاسایشییەکانی حکومەتی هەرەمی کوردستان بزانێت و گومانی بە دروستکراوە کە هاووەاتی ئێرانی و سوری و تورکی لێنێو هەزە ئەمنییەکانی هەرەمدا هەبن.

جەبار یاوەر، ئەمینداری پەشووی وەزارەتی پەشمەرگە، بە دەنگی ئەمریکای ڕاگەیاند، "هەرەم هەفتەی ڕابردوو کەدی دامودەزگا ئەمنییەکانی ناردووە و عێراق مووچەی نێناردووە، عێراق دەیەوێت لە ڕێگەی پێنجەمرەوە مووچە بدات و دواتر پێنجەمرەکان لەگەڵ ئەو پێنجەمرانە بهێنرێت بکات کە لە دامودەزگا عێراقییەکانی وەکو ڕێگەزنامە تەمارکراون".

هەروەها دەشێت، "عێراق لەسەر بنەمای هەندێک قسە کە پێگەیشتووە گومانی هەیە گوایە دامودەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی هەرەم خەڵکانی ئێرانی و سوری و تورکی تێیاندا هەبێت و بەدوای ئەمەدا دەگەڕێت".

ئەمە لە کاتێکدایە وەزارەتی دارایی عێراق تا ئێستا بڕی 608 ملیار دیناری بە مووچەی مانگی دووی مووچەخۆرانی هەرەم ڕەوانە کردووە بەڵام حکومەتی هەرەمی ماوەبەسەرچوو بە بیانووی نێناردنی مووچەی دامودەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی لەلایەن عێراقەوە ئەو بڕە پارەیەی بە مووچە خەرج نەکردووە.